عێراق ..

# لە نێوان خۆشحاڵی بوونی بە روسیا و نیگەرانی بەرامبەر چین !

**مەحمود حاجی**

ماوەیەکە و لەگەڵ دەنگۆی ئەگەری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ، جموجۆڵە دیبلۆماسیەکانیش لەلایەن بەغدا لە زۆر لاوە بە شێوەیکی بەرفراوان بەرچاودەکەوێت هەرلە سەردانەکەی (تاریق عەزیز) بۆ هەریەك لە رووسیا و چین ، تا دەگاتە سەردانی (ناجی سەبری) بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ، کە ئەم جموجۆڵانە پێش ئەوەی خواستە ئابووری و مەسەلە لاوەکیەکانی نێوانیان بێت لەمەڕ پەیوەندیان ، ئەوا لە پێشدامەسەلە سیاسیە کاریگەرەکانە بە تایبەتیش لە کۆکردنەوەی هەڵوێستی ئەو وڵاتە لە دژی هەوڵەکانی ئەمریکا ..

رووسیا لەبەرامبەر عێراقدا ماوەیەکی باشی لەگەڵ وڵاتی چیندا لە بەرژەوەندی و خواستی عێراقدا بۆچوونەکانیان دەدایە ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمریکا ، بەڵام هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە ئەو بەردەوامە درێژخایەنە نەبووە کە بە هۆیەوە دەسەڵاتدارێتی عێراق بتوانێ درێژە بە سیاسەتی خۆی بدات بە پشتن بەستن بە هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەتایبەتیش رووسیا کە چەند جارێك هەڵوێستەکانی زۆر هەورازو لێژی لەبەرامبەر عێراقدا بەخۆوە بینیوە و ئەگەر مەسەلەیەکی ناچاری نەبێت ئەوا تاکو ئەمڕۆش ئەو هەڵوێستە یەکلاکەرەوەی لێ نابینرێ کە رووسیا تەنانەت وڵاتی چینیش بە شێوازێکی مەبدەئیانە لە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا بن لە ناوچەکەداو بە تایبەتیش لەبەرامبەر عێراقدا ، ئەویش بە مەرجێك ئەگەر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری یەکانی خۆیانیان لە دۆخەکەدا بەدی بکەن .

سەردانەکەی (تاریق عەزیز) بۆ رووسیا لەگەڵ لێدانی عێراق نی‌یە بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم هەڵوێستەی رووسیا لە کاتی روودانی هەر کردارێکی سەربازی بۆ سەر عێراق هەڵوێستەکەی بەکردەوە نەنوێنێ چونکە هەم بۆ رووسیاو و هەم بۆ وڵاتی چین و ئەوانی تریش مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ئەمریکا شتێکەو ، هەڵوێستیش لە بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق شتێکی ترە ، کە دەسەڵاتدارێتی عێراقیش لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی (UN) و ئەنجومەنی ئاسایش هەمیشە بە تۆمەتبارێکی پلەیەك دادەنرێت .

بەهەمان شێوە دەکرێ ئەو پێناسەی بۆ هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە لەبەرامبەر ئەمریکا بۆ عێراق دەکرێ بەهەمان شێوە بۆ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەبەرامبەر ئەمریکا بۆ عێراق بکرێ ، چونکە سەردانەکەی ئەم دواییە (ناجی سەبری) بۆ تاران و دیداری لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێران لە کاتێکدایە کە هێشتاکە پاشماوەی کێشەکانی جەنگی (٨) ساڵە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا کۆتایی نەهاتووە ، کە بتوانرێ بە ئاسانی (تاران) هاوپشتی (بەغدا) بکات لەبەرامبەر ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکاندا .

بەهەرحاڵ جموجۆڵە دیبلۆماسیەکانی ئێستای بەغدا مەبەست و خواستی سەرەکی بەبۆتەی کۆکردنەوەی پشتگیری لە دژی ئەمریکا لە خۆگرتووە ، بەڵام رەنگە ئەم هەوڵانە بۆ (بەغدا) ئاکامێکی هێندە ئیجابی لێ نەکەوێتەوە کە بە هۆیەوە ئەگەر عێراق لەسەر هەمان هەڵوێستی پێشوتری خۆیبێت لەبەرامبەر گەڕانەوەی تیمە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی تری ئەنجومەنی ئاسایش ئەوا هەڵوێستی ئەم وڵاتانە لە دژی لێنەدانی عێراق بێت !

# (بن لادن) لە نێوان لەخۆبایبوون و بێدەنگبونێکی رەهادا !!

**کەریم سوبحان**

هێشتا هێرشە زەمینەکان بۆ سەر کابوڵی پایتەخت و شارو ناوچەکانی دیکەی ئەفغانستان دەستی پێ نەکردبوو ، تەنها لە ئاسمانەوە هێرشی فڕۆکەکان دەکرا ، ئەوکاتە (بن لادن) لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی (القاعیده) لە راگەیاندنێکی تۆمارکراوی (ڤیدیۆیی) دا هەڕەشەی لە ئەمریکا کرد ، هێندەی پێ نەچوو لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینی جارێکی تر بەهەمان شێوەی جاران بە تۆمارکراوەیی لەسەر شاشە دەرکەوتەوەو ئەمجارە جگە لە ئەمریکا زۆر وڵات و لایەنی دیکەشی خستنە بەر هەڕەشەی تۆمەتبار کردن .

بێگومان رەنگە ئەم دوو دەرکەوتنەی (بن لادن) لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانیەکان بە تایبەتیش (الجزیره) زۆر مەبەست و خواستی لە رەهەندا بێت ، کە جگە لەوەی بۆ دوژمنێکی سەرسەختی وەك ئەمریکا خۆی نمایش دەکرد هەمان کاتیش بۆ دۆستە نزیك و دووروکانیش بۆ دان بە خۆداگرتن و هێشتنەوی حەماسەت لە گیانیاندا بووبێت ، ئەگەر چی رەنگە لەوە دڵنیا نەبووبێت کە رۆژێك لە رۆژان دووچاری دۆخێکی لەم چەشنە دەبێت کە نەتوانێ بە شێوازێکی ئاسایی قسەو هەڕەشەکانی بۆ ئەمریکا و ، دان بەخۆداگرتنیش بۆ ئەندام و دۆستەکانی دوپات بکاتەوە ، چونکە خۆدەرخستن و دەرکەوتنەکەی بە تایبەتیش لە دوای رووداوەکانی (١١) ی ئەیلولی رابردووی واشنتۆن و نیویۆرك و ، سەنگەر گرتنێکی ئاشکرای لەبەرامبەر ئەمریکا لەلایەك راست و چەپەکانی دونیاش لەلایەکی ترەوە جۆرێك لە غوربەتی پێبەخشی و وەك ئەوەی کۆنترۆڵی سەرتاپای ژیانی جیهانی و مرۆڤایەتی لە ناو ئەشکەوتەکانی ئەفغانستاندا لە ژێر دەستی ئەودابێ ، وای دەرخست ، بەتایبەتیش کاتێ لەدوا راگەیاندنە تۆمارکرواەکەیدا لە خۆی و تاڵیبان بترازێ ، دەنا جیهانی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی تۆمەتبار و تاوانبار کرد ..

لێرەدا ئەو خۆنمایشکردنەی (بن لادن) بەدوو جۆرە بۆچوون لێك دەدرێتەوە ، کە یەکەمیان رەنگە لێدانێکی لەم جۆرەی ئەمریکای لە (١١) ی ئەیلول رویدا بۆ مێژووی خۆی بە ئاوات زانیبێ و ئیدی لە دوای ئەو لێدانە لە ئەمریکا ، هیچی تر نەکات (کە ئەمە بۆچونێکی لاوازە) ! دووەمیشیان ئەوەی لە ژیانیدا لە بیروبۆچوونەسیاسی و سەربازیەکەی خۆی هەیبوو ئەوە بوو بینیمان و ئێستاش بەبێ دەنگی ماوەتەوە ! واتە توانا داری بونیادە سیاسی و سەربازیەکەی هەرهێندە بووە کە بتوانێ لەسەرەتای سەدەیەکی نوێدا رووبەرووی ئەمریکا ببێتەوە ئێستاش کە ماوەیەکی زۆرە بێدەنگە و شێوازە تۆمارکراوەکانیش قسە هەڕەشەکانی نابینرێن خۆی لە خۆیدا ئەگەری بێدەنگیەکەی تەواوی لێ دەکرێ ، هەروەك چۆن زۆر لەسەرچاوە ئاگادار و نزیکەکانیش گومانی نەمان و کوژرانی دەکەن ، چونکە مانەوەی ئەو ئەگەر بە هەرشێوەیەك بوایە ، ئەوا بۆ خۆکۆکردنەوەی گرویەکەی هەرهیچ نەبێ راگەیاندنێکی دیکەی بڵاودەکردەوە!

# بڵاوکراوەی ئەهلی‌و میزاجی شەخسی !

**فەلەکناس**

جێ خۆشحاڵیە ماوەی چەند ساڵێکی کەمە ژمارەیەك گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوە لە ژێر ناوی (بەئەهلی بوونی بڵاوکراوە) دا ، لە مەیدانی رۆژنامەنوسی کوردیدا بونیان پەیدابووە ، کە بێگومان ئەم رەوتە لە نێوەندی رۆژنامەگەریدا بە گشتی وایکردووە سەرنجێکی جەماوەریانەی تا رادەیەك باش بۆ خۆی دەستەبەر بکات و هەنگاوێك بەرەو بنیاتنانی دامەزراوی ئەهلی لە رووی رۆژنامە نووسیدا بهاوێژێ .

ئەم هەنگاوە تا رادەیەك جێ دەستخۆشی و خۆشحاڵیە ، هەمان کاتیش پێویستی بە رێنمایی دان و تێبینی دانی پێویست هەیە بە زیاتر روونکردنەوەی بە ئاگابوون لە حەقیقەتی رێبازو رێچکەی کارکردن لەم ناوەندەدا و ئەویش بەهۆی ئەوەی کەکارکردن لەسەر رێباز و رێچکەی (ئەهلی) بۆ جەماوەر رێساو تایبەتمەندی خۆی هەیە ، کە لە پێشەوەی هەمووشیاندا خۆدورخستنەوە دەبێ لە بەرژەوەندی تایبەت و میزاجی شەخسی ، چونکە خواستی بڵاوکراوەی ئەهلی چوارچێوەیەکی نەگۆرو جێگیری لە فەرامۆشکردنی رێسا بنەڕەتیەکانی چەمکی مەدەنیەت و بە ئەهلی بووندا هەیە و ، پێچەوانەکەش دەبێتە چەقبەستەبوون و سنووردانێك بۆ ئەو کارە و، لە جیاتی ناوی ئەهلی و ناوەڕۆکی بە ئەهلی بوون ، خواستە تایبەتی و تاکەکەسیەکان لە خۆدەگرێ .

جێی داخە کاتێ بڵاوکراوەیەك لە ژێر ناوی (ئەهلی) دا بابەتێکی گشتی دەوروژێنێ و بێ ئەوەی لە چوارچێوەی داب و عورفەکەی خۆیدا ئاکامێکی پێویست بداتە دەست ، بەتایبەتیش ئەگەر بابەتێکی دیار و بەرچاو راپرسی کردنێکی گشتی بۆبکرێ ! کە ئەمە پێویستی بە پرۆسەیەکی سەرتاپایی هەیە بۆ کاملبونی ناوەڕۆکی بابەتەکە .. نەك بەتەنها راوبۆچوونی خزم وکەس و دەوروداوسێکان وەربگیرێ بۆ ستایش و پیاهەڵدانی خۆت .

بێگومان ئەم کردارە لەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە خەریکە بڵاوکراوەی ئەهلیەکان بۆ خۆجێگیرکردن وەك دامەزراوە دەیهاوێژن ، نەخۆشیەکی کوشندەیە و لە دەستدانی متمانەی (بەئەهلی بوون) ە .

کەوابێ بۆچی گلەیی لە بڵاوکراوەی حزبەکان بکرێت کە گوایە تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە و هیچی تر ..!

# ئەنتراکس ڤایرۆسێکی شاراوە نەبوو !!

**پۆلا ئەحمەد**

ئیرهاب دیاردەیەك بوو ئەمریکا تا پێش رودانی ١١ی ئەیلول بە شتێکی دەرەکی و شەڕکردن لەگەڵیا بە جەنگێکی لاوەکی تەماشای دەکرد و هەموو هێزو توانایەکی سەربازی و تەکنەلۆژی و خۆ ئامادەکردن و دەستەو یەخە شەڕکردن لەگەڵ ئیرهاب نەبوو ، بەڵام روودانی ١١ی ئەیلول بە پێچەوانەوە ئەمریکا یەکەم دەوڵەت دەژمێردرێ کە تۆڵە لە ئیرهاب بکاتەوە.

دیارە هەموو جەنگێك بەپێی هەلومەرجو سەردەمەکەی جیاوازە لە جەنگەکانی تر لەگەڵ هۆکارو شەڕو دەرەنجامەکان دەگۆردرێت سیاسەتیش مەبەستێکی سەرەکی لەم جەنگانەدا بەرژەوەندی هەردەوڵەتش دەردەکەوێت لە مامەڵە و هەڵس و کەوتیان لە کاتی جەنگ دا ، جەنگی دوای جەنگی ساردیش یەکێکە لەو جەنگانەی کە ئیدی ئەو شێوازە و رێگایانەی شەڕ دەگیرا بەر پێش تر کە پێشتر رووبەرووبونەتەوە و شەڕەکان بەم شێوەیە نەبون ، ئیرهابیش ساڵانێکی زۆرە وڵاتانی خۆرهەڵات و تەنانەت خۆرئاواشی خەریك کردووە ، دیارە بۆ پرۆسەی شەڕکردنیش لەگەل ئیرهاب کارو کاردانەوەکان جیاواز دەبێ ، ئەمریکاش هەم شێوازی شەڕەکەی لەگەل ئیرهاب جیاوازبوو لە هەمان کاتدا شێوازی ئیرهابیەکانیش بۆوەڵامدانەوە بە جیاواز دەبینرا ،پێش لێدانەکەی لە ئەفغانستان برادەرێکم لە هەندەران گەڕایەوە بۆ کوردستان ، ساڵانێکی زۆر بوو یەکترمان نەدی بوو زۆر تامەزرۆی یەکدی بووین ، چونکە وەکو کاتی خۆی هەروامابۆوە هیچ نەگۆرابوو و هەر لەسەردەمی کاتی پێشمەرگایەتی کە پێکەوەبوین ئەمە زیاتر وای لێ کردم زۆر باس وخواز بهێنینە گۆڕێ بێگومان هیچ دوورنەبوو ئەم برادەرەم ئاگای لە زۆرینەی رووداوەکان بوو تەنانەت لە زۆر رێپێوانی ئەوروپاش بەشداریکردووە لە قسەکانمدا من پێم گوت ، ئەمریکا ئەیەوێت ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکات و دەسەڵاتی تاڵیبان و جەماعەتی ئوسامە نەهێڵێ کەچی ئەو لە وەڵامدا وتی مەرج نی‌یە هەموو شتێك بەخواستی ئەمریکا بچێتە پێشەوە.



لە وەڵامدا وتم ئەمریکا خاوەن تەکنەلۆژیایەکی بەهێزە و توانایەکی عەسکەری گەورەی هەیە وتی وایە بەڵام دوژمنیش زۆرە وتم : هیچ گروپ و هێزێك هەن خۆیان ڕاگەیاندبێ کە دژایەتی ئەمریکا بکەن ؟

وتی بەڵێ داڤدیەکان ئەو گروپانەن کە تەنانەت داوای روخانی حکومەتی ئەمریکا دەکەن ئەمریکاش دەستیان لێ ناپارێزێ و جارێکیان (٧٠) کەسی لە داڤدیەکان ئەمریکا لە بینایەکدا سوتاندنی ،باشە داڤدیەکان و ئەفغانستانیەکان یاخود تاڵیبان و بن لادن جێیان هەیە لە دژی ئەمریکا ، وتی هەر لە ئێستاوە هەڕەشە لە ئەمریکا و ئەوروپا دەکەن بە ڤایرۆسێك کەناوی (ئەنتراکس) .وتم باشە ئەمریکا چ ئامادەکاریەکی بۆ ئەو ڤایرۆسە هەیە ؟ وتی تا ئێستا دیار نی‌یە چی دەکەن ، هەروەها ئەو برادەرەم دوپاتی کردەوە وتی ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە لە لێدانەکەدا کە بۆسەر مەڵبەندی بازرگانی و پەنتاگۆن کرا کە ئەو ڤایرۆسەیان بڵاوکردبێتەوە ، خراپ و مەترسی‌داری ئەم ڤایرۆسە لەوەدایە کە زۆرینەی دامەزراوەکان لەکار دەخاو جگە لە خستنەوەی ترس و تۆقاندن و لەناو کۆمەڵدا ، دەرکەوتوە ئەم ڤایرۆسە لە ناو ئەمریکادا دروست کراوە وە جەماعەتی ئوسامە بن لادن تاوانبارن بەشەڕی نامرۆڤانەترین چەك کە ڤایرۆسی ئەنتراکسە ، بەڵام حەدەکەی داڤدی و ئسولیەکانی ناو ئەمریکا ئەم فرەسەتەیان قۆزتەوە کە دوژمنی دوژمنەکەیان بە دۆست بزانن و ئەوانیش کاری خۆیان کردبێ لە بەرانبەر ئەمریکادا .

بەم شێوەیە ڤایرۆسی ئەنتراکس ئاشکرا بوو نەك شاراوە !

قسەوباس

**فەرهاد مەلاحەسەن**

# گوناهە گەورەکانی خاکی فەلەستین

تاکە دڵنیایی‌یەك کە سەرتاپای دونیا بە ئیسرائیل و فەلەستین و عەرەبەکانیشەوە دەیزانن ئەوەیە کە بەهیچ شێوازێك (ئاشتی) وەك پرۆسەیەکی سەرتاپایی مرۆیی بۆ باوەشی ئەو ناوچەیە ناگەڕێتەوە ، چونکە گوناهە گەورەکانی کردەی ئەم ناوچەیە شتێکی وایان نەچاندووە کە لە ئاکامیدا دەسەڵاتەکان بتوانن و دروێنەی بکەن و ئاشتیش لێی بخوات ، ئەمە مەبدەئی ژیانی لەمڕۆ بەدوای ناوچەکەیە چونکە نە (شارۆن) دەتوانێ دەستبەرداری پاڵەوانێتی‌یەکەی خۆی بێت کە لە (سەبرا و شاتیلا) دا کردی ، نە لاوەکانی فەلەستینیش دەتوانن لە رقی (شارۆن) دا خۆیان نەکەنە پارچەیەك ئاگرو تەقینەوە ! ئەمە لە ژیانی (ئیسرائیل فەلەستین) دا گەوهەری ژیانی ئەمڕۆیە ، لەگەڵ ئەوەی بێدەنگبوونی عەرەب (وەك بەردی بن گۆم) دەیان و سەدان جار لەبەرامبەر گەلی فەلەستیندا برینێکی قوڵی جەستەی خۆیانە و بەڵام تادێ کرتەرو بێدەنگرن .!!

ماوەیەك لەمەوبەر رەخنەیەکی زۆر لە شاعیرانی عەرەب و فەلەستینی گیرا کە نەیانتوانیوە لەناو خاکی فەلەستیندا ووشە شیعرەکانیان بکەنە (بەرد) و ، بیدەنە دەستی ئەو منداڵانەی کە هێرش دەکەنە سەرتانکەکان ..! ناچار منداڵەکان دەبوونە قوربانی و شاعیرانیش دەگەیشتنە مەنفا بۆ خوێندنەوەی (شیعرەگڕدارەکانیان) !

زۆر رەخنە لە (عەرەفات) دەگیرێ ، کە نابێ سیاسەتێکی لەم چەشنە لەبەرامبەر ئیسرائیل دا پەیڕەوبکات ، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەی لێ کەوتەوە کە زۆر جاران جوڵانەوە ئاسایی‌یەکانی خودی عەرەفاتیش رابگیرێ ! تەقینەوە ؟ خۆتەقاندنەوە .. ! کوشتن ..؟ خۆتەقاندنەوە .. ! کاولکاری ..؟ خۆتەقاندنەوە ..١ هەموو شتێك .. ؟ خۆتەقاندنەوە..!

بەڵێ ..ئەمە پرسیار و وەڵامەکانی رۆژانەی ئەو خاکەیە کەلەهەر چرکە ساتێکدا گوناهێکی گەورەی لێ دەکرێ ، لەهەرگوناهێکدا ئەو پرسیارو وەڵامانەش دووبارە دەکرێنەوە .

ئاخر خۆ خۆتەقاندنەوە لە سەردەمی ئەنتەرنێتدا چ مانایەك بە گیان فیدابوون و خاك پەرستی دەبەخشێ .. جگە لەوەی رووبارێك خوێنی منداڵ و لاوەکان تەمەنی دەسەڵات درێژ دەکاتەوە !

ببورن لاوانی فەلەستین .. ئەوە لە بێ کەسیتان نی‌یەو لەبەدبەختی‌تانە ببورن !